# هەڵوێستی ئینتەرنێتی

"پۆست و ئیمۆجییەکان؛ لایک و کۆمێنت و شێر"

**جواد خەلیل**



٣ی نیسان ٢٠٢٢ وتار

**سەرەتایەکی دێرینتر**

هەڵوێست بەشێکە لە بەرپرسیارێتیی مرۆییی ئێمە دەرهەق بەو جیهانەی کە تێیدا دەژین و پەرچەکرداری ئێمەیە لە هەمبەر ڕووداوەکانی نێو بوون، دەزانم پێناسەیەکی وەها کەمێک بوونخوازانە دەردەکەوێت و ڕەنگە لەگەڵ دەربڕینیدا خوێنەر بیری بۆ لای فەیلەسووفێکی وەکوو سارتەر بچێت و بیداتە پاڵ وی، بەڵام لە ڕاستیدا خودی ئەم پێناسەیە ڕەهەندێکی مێژوویی

زۆر قووڵتر و دێرینتری هەیە و ڕەگ و ڕیشـــەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش پەیدابوونی نەک بە تەنها فەلســەفە؛ بەڵکوو بۆ ســەردەمی پێش پەیدابوونی نووسینیش.

میتۆلۆژیای دوو ئاوان و دۆڵی نیل، پڕن لەو مرۆڤانەی کە ژیانیان بریتی بووە لە هەڵوێستیەلی گەورە دەرهەق بە شتەکان و ڕووداوەکانی نێو بوون. مرۆڤ ناتوانێت لە جێیەکدا بژێت و بمرێت، بەبێ ئەوەی لەو نێوانەدا هیچ هەڵوێســتێک نەنوێنێت، هەر ئەمەشـــە وای کردووە مرۆڤ زیاتر وەک بوونەوەرێــک بنــاســـرێــت کە خودان هەڵوێســـتی خۆیەتی، ئەم بە هەڵوێستبوونەشـی زادەی هەستکردنێتی بە بەرپرسـیارێتی لە هەمبەر ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژێت و دەمرێت. هەڵبەت کە دەڵێین خاوەنی هەڵوێســتی خۆیەتی، مەبەســـتمان ڕەســـەنێتیی ئەو خۆبوونە نییە، چونکە زۆر جار هەڵوێســـــت بەرئەنجـامی کـارکردە کۆمەڵایەتی و دەرەکییەکـانە، بەڵکوو مەبەســتمان ئەو بەســتێنە گشــتییەیە کە مرۆڤ و هەڵوێســتی کردووەتە دووانەیەکی لێکدانەبڕاو و پێکەوەگرێدراو.

پێشـتر نواندنی هەڵوێسـت ڕاسـتەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی تاک و خێزانەوە هەبوو، خەڵکی لەنێو گوندە کشـتوکاڵییە بچووکەکان و نێو ئەشـکەوتەکاندا، هەڵوێســتی تاقانەیی خۆیانیان هەبوو. زاگرۆس نشــینانی دێرین بەتایبەتی ســۆمەرییەکان[1]، کە دەچوونە جێیەک و کارێکی نەخوازراویان دەدیت، خێرا

[1] زۆر بۆچوونی جودا هەن لەبارەی ڕەچەڵەکی ســۆمەرییەکان، وەک خاوەنی یەکەمین شارستانیەت و داهێنەری نووسین و دروستکەری شارەکان، کە زۆر جار بە مەبەست یان لە نەزانییەوە بە ســـامی و هیندی نێوزەد دەکرێن. لە ڕاســـتیدا بەپێی زۆرینەی ســـەرچاوە مێژووییەکان، ســۆمەریەکان لە دێرینترین ئەو گەلانەن کە لە کوردســـتانی

هەڵوێستی خۆیانیان دەردەبڕی. بنەمای سەرەکیی ئەم هەڵوێست نواندنەشیان خۆپارێزی بوو، خۆپارێزییەکی یەکانەیی و یەک پێوەر. مرۆڤ لەو سەردەمانەدا کە هەڵوێستێکی دەنواند ئامانجی پاراستنی خۆی بوو لە هەر پێشهاتێکی ترسناک و ناجۆر بە ژینگە و ژیانی وی. ئایا ئەمە لە قۆناغەکانی دواتردا بەم شێوەیە مایەوە؟ ژیانی زاگرۆس نشینان تا دەهات سەختتر دەبوو، دەبووایە لە دوای دۆزینەوەی کشتوکاڵ و فراوانبوونی پیشەی ئاژەڵداری بگوازنەوە بۆ پێدەشتێکی پان و بەرین و بەراو. باشترین جێیەکیش کە دەکرا لەو سەردەمانەدا بۆی بچن، دۆڵی دووئاوان بوو. ئەمە سەرەتاکانی شکڵگرتنی هەڵوێستی دەستەجەمعی بوو، بەڵام سەرەتایەکی ناکامڵ و خۆنەگرتوو. سۆمەرییەکان کە کوردستانیان بەجێ هێشت و گەیشتنە دۆڵی دووئاوان، ناچاربوون پەرە بە دۆخی ژیارییانەی خۆیان بدەن و لەگەڵ ژینگەی نوێدا، ڕەوتی ژیانیشیان بە ئاڕاستەیەکی نوێتر و جیاوازتردا ببەن. هەر بۆیە ساڵی ٥٤٠٠ پێش زایین، شاری "ئەریدۆ" لەلایەن سۆمەرییەکانەوە بنیاتنرا و بوو بە یەکەم شار لە مێژووی جیهاندا، ئەریدۆییەکان یەکەمین کەسانی سەرزەوی بوون توانییان گوزارشت لە هەڵوێستی دەستەجەمعییان بکەن و پێوەرگەلێکی ئاشکرا بۆ چۆنێتیی

---

دێرین ژیاون و لە شاخەکانەوە کۆچیان کردووە بۆ دۆڵی دووئاوان، بەو مانایەی بنەچەی هەڵوێستی مرۆییانە بنەچەیەکی زاگرۆسیانەیە و ڕیشەیەکی خۆرهەڵاتی هەیە. بڕوانە: ( هاوڕێ باخەوان: کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣)

هەڵوێست وەرگرتن لە ئاستی شتەکان دابڕێژن[2]، هەرچەندە داڕشتنی ئەم پێوەرانە زارەکی بوون و تا ماوەیەکی زۆریش هەروا مایەوە، بە هۆکاری ئەوەی کە هێشتا سۆمەرییەکان نووسینیان دانەهێنابوو، بەڵام ئەم پێوەرانە بوون بە بەشێک لە نەریتی سۆمەرییانە و لە چاخەکانی دواتردا و دوای پەیدابوونی نووسین، ڕێگە بە نووسینەوەیان درا و لەو ڕێیەشەوە گواسترانەوە بۆ گەلانی دیکەی ناوچەکە و جیهان[3]. واتا لە سەرەتادا تەنها پێوەرێکی زاتی هەبوو، بە گەڕانەوەش بۆ ئەو پێوەرە زاتییە هەڵوێستەکان دەردەبڕان، بەڵام دوای دروستبوونی شارەکان و کۆمەڵگە گەورە مرۆییەکان پێوەرگەلی گشتی دانران و بە پشت بەستن بەو پێوەرانە مرۆڤەکان هەڵوێستی خۆیان دەردەبڕی .

بەم جۆرە لە "دانایی خۆرهەڵات"ەوە دوو شێوازی جودای هەڵوێست نواندن جێی خۆیان گرت، ئێمە هێشتا لە پێش زایینداین و کۆمەڵگەکان ڕووەو هزرینی کۆگەلییانە چوون و تاک خراوەتە پەراوێزەوە .شارستانیەت گەیشتووەتە ئەسینا و لەگەڵیشیاندا ئەم داناییە خۆرهەڵاتییە دەیەوێت جێی خۆی بکاتەوە، میتۆلۆژیای یۆنانی چونکە ڕیشەیەکی ئایینی قووڵی هەیە و

---

[2] سەبارەت بە یاسا زارەکی و دواتر نووسراوەکانی سۆمەرییەکان، بڕوانە: جیا فخري الجاف: القوانين السومرية والقوانين البابلية القديمة، تموز للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠١٧.

[3] سەبارەت بەم کاریگەرییە و گواستنەوەی شارستانیەت لە سۆمەرییەکانەوە بۆ گەلانی دیکەی جیهان، بڕوانە:( آ. وادل: الآصول السومرية للحضارة المصرية، ت: زهير رمضان، الآهلية للنشر والتوزيع، ١٩٩٩.)هەروەها دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەم سەرچاوەیە:( د.جمعة الطلبي: العراقة وآلاصالة/ تآثير حضارة بلاد الرافدين على الحضارة اليونانية، ص ١٣٣، بغداد، ٢٠٢١)

خوازیاری داناییەکی لەو چەشـنەیە، بۆیە زۆر بە ئاسـانی جێی بۆ دەکاتەوە و دەیکاتە بەشــێک لە چیرۆک و گێڕانەوە ئەفســانەیییەکانی خۆی، ژیانی خواوەندان و پاڵەوانانی یۆنان پڕن لەو ڕووداوانەی کە بەرمەبنای هەڵوێست وەرگرتن بوون لە ئاستی ڕووداوەکانی دەوروبەر[4]. دواتر کە فەلسـەفە دێتە بوون، ئیدی حیکمەتە خۆرهەڵاتییەکانیش جێلەق و بێهێز دەبن، چونکە ئەو داناییە خۆرهەڵاتییە ناڕێک و پرژوبڵاوە واتا و دەلالەتەکانی کۆک و ڕوون نەبوون و پڕ بوون لە دژیەکی، فەلسـەفەش لەگەڵ ڕێکی و لۆژیکدا مامەڵەی دەکرد و لە ئەسـڵی شـتەکانی دەکۆڵییەوە. لێرەوە جارێکی دی هەڵوێســت پێناســە کرایەوە و واتا و پێوەرگەلی دیکەی بۆ پەیدابوو. بەڵام ئەوەی جێی ســەرنجە لە هیچ ســەردەمێکی مێژووییدا هەڵوێســت دانەبڕێنراوە لە بەرپرسـیارێتی، جا چ ئەو بەرپرسـیارێتییە پەیوەسـت بێ بە بەرپرسـیارێتیی کەســییەوە یاخود لکێندرابێتە بەرپرســیارێتییەکی کۆگەلییانەوە. مرۆڤ لە سـەرەتاوە مەحکوم بووە بە هەڵوێسـت وەرگرتن لەبارەی ئەو پێشـهاتانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە، بۆ ئەمەش ناچار بووە چەندین پێوەری گشــتی و تایبەتی دابنێت و لە سـۆنگەیانەوە چۆنێتیی هەڵوێسـت دەربڕینەکەی دیاری بکات.

---

[4] حســن نعمة: موســوعة میثولوجیا واســاطیر الشـعوب القدیمة و معجم آهم المعبودات القدیمة، دار الفکر اللبناني، بیروت، ١٩٩٤.

## هەڵوێستی ئینتەرنێتی

تۆڕەکانی پەیوەندی، بەتایبەتی ئەوەی کە ئەمڕۆ بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نێو دەبرێن، دواجار و دوای هەزاران ساڵ توانی پێناسەیەکی زۆر جیاوازتر بۆ هەڵوێست و بەرپرسیارێتییە مرۆییەکان بخاتە ڕوو. ئەم پێناسەیە بە شێوەیەک جیاواز و دابڕێنەرە لە پێناسەکانی دیکە کە ئەگەر ئەم تۆڕانە نەبوونایە، زۆر ئەستەم بوو هیچ کەسێک بیتوانیبا مەزەندەی هەبوونی هیچ ئەگەرێکی بکردایە بۆ ناساندنێکی لەم چەشنەی هەڵوێست. دونیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دونیایەکی تەواو جیاواز و دابڕێنراوە لە دونیای پێش پەیدابوونی ئەم تۆڕانە، بارتەقای ئەم جیاوازییەشی ناچاری کردووین پێناسەگەلی دیکە بۆ پێناسەکراوەکانی پێشووتر بدۆزینەوە و جارێکی دیکە سەرلەبەری شتەکان پێناسە بکەینەوە. لەم سۆنگەیەشەوە هەڵوێست لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا شیاوی هیچ گوزارەیەکی تر نییە جگە لە گوزارەی "هەڵوێستی ئینتەرنێتی"، چونکە بە ئەستەم نەبێت ناچێتەوە سەر شێوازەکانی هەڵوێست دەربڕینی پێش پەیدابوونی تۆڕەکان.

وادیارە ئەم گوزارەیە "هەڵوێستی ئینتەرنێتی" وێڕای نامۆبوونەکەی بڕێک کێشەسازە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەرخەری وێنا ڕاستەقینەکەیە و ناچارین وەکو خۆی بەکاری بهێنین. هەڵوێستی ئینتەرنێتی هەڵوێستێکی چەماوەیی و خۆمەڵاسدەرە، هەر ئەمەش وای لێ دەکات نەتوانرێت بەئاسانی دەستنیشان بکرێت و بناسرێتەوە، هەرچەندە بە ڕووکەش زۆر سانا و بێ کێشەش خۆی دەربخات. هەڵوێستی ئینتەرنێتی لێدانە لە تەواوی هەڵوێستە دەرەنێتیەکانی تر و بە کەم سەیرکردنی کاریگەرییەکانیانە، هەڵگەڕانەوەیە لە نەریتی بنەچە سۆمەری و بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی پێشین. لە دونیای

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا مرۆڤ ناتوانێت بێ هەڵوێست بێت و هەموو هەواڵێک کە بەری دەکەوێت ناچار بە کاردانەوەی دەکات، جا چ کاردانەوەیەکی ئەرێنییانە بێت یاخود نەرێنییانە، تەنانەت ئەوانەشـــی کە وەها خۆیان دەردەخەن بێلایەنانە دەڕواننە هەواڵی نێو تۆڕەکان، ناچاری هەڵوێســـت وەرگرتنن دژ بە هەردوو ڕەوتی لایەنگر و دژکـار. لە دەســـتپێکی ئەم پەرەگرافەوە گوتمـان گوزارەی "هەڵوێســـتی ئینتەرنێتی" گوزارەیەکی کێشـەسـازە، دەبێت ئەمە ڕوون بکەینەوە و بزانین کە بۆچی و لە کوێدا ئەم گوزارەیە کێشــەســازە؟ یەکەمین شـتێک کە دەبێت دەرهەق بە هەڵوێسـتی ئینتەرنێتی بیزانین، ئەوەیە کە ئەم هەڵوێســـتە لەنێو خاکێکی ڕووتەن و بێ پێشـــینەدا نەڕواوە، هەرچەندە خۆی دەیەوێت وا بە دیار بکەوێت، ڕەگ و ڕیشەی ئەم هەڵوێستە دەگەڕێتەوە سەر سێ پایە سەرەکییەکەی هەڵوێستی دونیای پێش خۆی و پێیەکی لەنێو واقیعدایە. کۆمەڵگە و تـاک و تێڕوانینە فیکرییەکانی نێو واقیع ســـێ فاکتەری ســـەرەکیی پێکهاتنی هەڵوێســـتی ئینتەرنێتین و دواتر لە ڕێی ئینتەرنێتەوە بەتەواوی هەوڵی چێکردنی هەڵوێستێکی دابڕاو لەو سێ فاکتەرە دەدرێت و بە تەونێکی چڕ دادەپۆشرێن و دەشـــاردرێنەوە، بەمەش هەڵوێســـتی ئینتەرنێتیی خۆی وەک هەقیقەتێکی ڕەها و تاقانە دەناســێنێت و لە بایەخ و گەورەیی هەموو جۆرە هەڵوێســت وەرگرتنێکی دەرە ئینتەرنێتی کەم دەکاتەوە. بۆ نموونە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیســـبوک، کەســـێک کە دەشـــێت ئەدمینی پەیجێک بێت، بە هەڵوێســـت وەرگرتنێک دەرهەق بە ڕووداوێکی واقیعی پۆستێک دەکات، خەڵکانێکی زۆر ئەم پۆســـتە دەبینن و لەســـەری هەڵوەســـتە دەکەن، بڕێکیان بێ هیچ وردبوونەوە و تێڕامـانێک وەک هەقیقەت وەریدەگرن و هـاوڕای دەبن، لە بەرانبەریشـــدا بڕێکی تر هێرش دەکەنە ســـەری و دژهەڵوێســـتی خۆیان

دەردەبڕن، کەسانێکیش کە نە دەتوانن لایەنگر بن و نە دەشتوانن دژ بن و ڕەنگە هەر لە بنەڕەتیشەوە بڕوایان بە ڕاستی ڕووداوێکی لەو چەشنە نەبێت، یاخود بە گرنگی نەزانن هیچی لەبارەوە بڵێن، دەکەونە ئەو نێوانەوە. لەنێوان ئەم سێ هەڵوەستەکردنەدا؛ خاڵێکی هاوبەش هەیە کە ئەویش هەڵوێست وەرگرتنە؛ هەڵوێستی ئینتەرنێتی. هەڵوێستێک کە بنەماکەی لە پۆستێکەوە سەرچاوە دەگرێت و دەبێت بە بابەتێک بۆ گەنگەشەکردن و ڕادەربڕینی جیاواز.

## هەڵوێستی ئینتەرنێتی و پاڵەوانە فشۆڵەکان

هەڵوێستی ئینتەرنێتی تەنها بەوەوە ناوەستێت کە ڕێ بە هەموو تاکێک بدات ببێتە خاوەنی، بەڵکوو کەسایەتی و ڤیگەری نوێ دێنیتە بوون، لە دونیای ئەمڕۆدا هەڵوێستی ئینتەرنێتیی کەسانێکی خوڵقاندووە و کردوونی بە ڤیگەری دیار و بەناوبانگ، کە هەرگیز لە دەرەوەی ئەم دونیایە نەیاندەتوانی بگەن بە چارەگی ئەو ناوبانگ و پێگەیە. بەتایبەتی کەسانێک کە بێ هیچ بنەمایەکی فیکری و پاشخانێکی ڕۆشنبیری و شارەزاییەکی ئەوتۆ، تاوتوێی پرسە ڕۆژانەییەکان و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی دەکەن و ڕەخنە لە دەسەڵات و ڕووداوە ڕۆژانەییەکان دەگرن، بەمەش جەماوەر لە دەوریان کۆ دەبێتەوە و وەک چالاکوانێکی بوێر و بە هەڵوێست ناویان دەهێنێت. هەر لە ڕێی ئەمەشەوە ڕەوتە سیاسییە جوداکان چ بەرهەڵستکار بن و چ داکۆکیکار لە حکوومەت، دەکەونە ململانێوە بۆ دروستکردن و برەودان بە جۆرە پۆپۆلیزمێکی ترسناک. مەترسیی ئەم جۆرە هەڵوێستە، تەنها لەوەدا نییە کە کەسانی ئاست نزم لە ڕووی ڕۆشبیری و فەرهەنگییەوە

دەبنە خاوەنی، لەوەشدایە کە چیدی هیچ واتایەک بۆ هەڵوێستی ڕاستەقینە نامێنێتەوە. ئیدی ئەو ململانێ سیاسییە ڕاستەقینەی کە دەبێت لەنێو واقیعدا ئەنجام بدرێت و دەسەڵاتە ستەمکارەکە بکەوێتە بەر مەترسی، دەگۆڕدرێتەوە بە یارییەک لە دونیای مەجازیدا. یارییەک کە دژبەرەکان چ لە ئۆپۆسزیۆندا بن و چ لە دەسەڵات حەزیان پێیەتی و هەر یەکە و بەدووی پشت و پەنای وەهمیدا دەگەڕێت. بەم شێوەیەش تۆڕەکان دەبنە شوێنی نواندنی هەڵوێست و واقیع دەخرێتە لاوە، تەنانەت مەترسیی ئەم جۆرە لە هەڵوێست دەگاتە ئاستێکی وەها کە هەڵوێستە واقیعییەکانیش دەکرێنە هەڵوێستگەلی ساختە و تەنها لەپێناوی پەخشکردنەوەیدا لەنێو تۆڕەکان، ئەنجام دەدرێن.

ئایا ئەمە بەو واتایە دێت کە چیدی ئێمە لە ڕێی تۆڕەکانەوە هەڵوێست دەرنەبڕین؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارەت بە بەڵێ وەرگرتەوە دیارە بەدحاڵیبوونێک هەیە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بیڵێین خستنەڕووی ئەو شێوە موزەیەفەی هەڵوێستە لە دونیای مەجازیدا، کە خاوەنەکانی بێ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەیان لە واقیعدا داکوتابێت و وەک کارلێکی دونیا واقیعییەکە هاتبێتنە نێو دونیا مەجازییەکەوە، دەیانەوێت وێنایەکی پاڵەوانسازییانە بدەنە خۆیان و ئێمەش وەک نموونەی هەرە بەرزی هەڵوێست نواندن لێیان بڕوانین. دەبێت هەڵوێست لەنێوان دونیای واقیعی و دونیای مەجازیدا هاوسەنگ بێت و تەواوکاریی یەکدی بن، واتا دواجار هەڵوێست بڕێک لە ڕاستەقینەبوون و جدیبوونی خۆی بپارێزێت و لەدەستی نەدات.

## هەڵوێستی ئینتەرنێتی و  پشت و پەنا وەهمییەکان

ئەوە چییە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵوێستی ئینتەرنێتی؟ کێ لە پشتی برەودانە بەم تایپە لە هەڵوێست؟ ڕەگ و ڕیشە واقیعییەکانی ئەم پشتگیرییە چین؟ بۆچی دەبێت ناو لەم جۆرە پشتگیرییە بنێین پشت و پەنای وەهمی؟ هەڵبەت یەکەمین شتێک کە دەبێت لێرەدا ڕوونی بکەینەوە، پۆستکردنە. (پۆست) بڵاوکردنەوەی ئەو شتەیە کە کەسێک دەیەوێت بیڵێت، واتا پەیامێکە و لەلایەن کەسێکی نێو واقیعەوە کە هەیە و ئینتەرنێتی لەبەردەستە و ئەپێک بەکار دەهێنێت، ئامادە دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە، گرنگ نییە ئەم کەسە سەر بە چ ئایدیا و بیرکردنەوە و تەوژمێکی فیکرییە؛ سەر بە چ ئایین و ئایینزا و نەتەوە و حیزبێکە؛ سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە و کێیە و چ کارەیە؛ ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەمە کەسێکە دەتوانێت پۆست بکات و یار و نەیار بۆ بۆچوونەکەی خۆی دروست بکات؛ کەسێکە دەتوانێت بەو پۆستەی دەوروبەر ناچار بکات هەڵوەستە لە سەر بۆچوونەکەی بکەن و ببنە یەکێک لەو بەشانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد. واتا ئەو کەسەی کە لە توانایدایە پۆست بکات هەمان ئەو کەسەیە کە دەتوانێت هەڵوێستی ئینتەرنێتی دروست بکات و خەڵکی بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات و ئاڕاستەیان بکات.

پۆست بە سروشتی خۆی لەگەڵ دابەشکاریدایە و کێشە خوڵقێنە، چونکە پەخشکردنی ڕایەکی نێو واقیعە، کە لە بنەڕەتدا کێشەدار و دابەشکار بووە و دواتر هێنراوەتە نێو ئەم فەزا مەجازییەوە و هەڵوێستی ئینتەرنێتی ئافراندووە. لێرەوە دەگەین بەوەی کە پۆست خۆی بە تەنها ناتوانێت هیچ هەڵوێستێک بئافرێنێت ئەگەر کەسانێک نەبن لایەنگری بکەن و هاوسۆزی

ئەو جۆرە پۆستکردنە نەبن و ڕیشەیەکی واقیعی نەبێت، ئەم کەسانە دەبنە پشت و پەنا بۆ خاوەنی پۆستەکە؛ لێ پشت و پەنایەکی وەهمی. بۆچی ناکرێت ئەمانە وەک پشتگیرێکی ڕاستەقینە ببینین و بە وەهمی نەیانناسێنین؟ چونکە ئەم پشتگیرییانە لەناو دونیایەکی مەجازیدا و لە پشتی شاشەیەکەوەن، کەسانێکی نێو ئەم دونیایە دێن و پشتگیرییەکانیان دەردەبڕن و بە دەگمەن نەبێت لەوە زیاتر لەگەڵی ناچنە پێش. ئەوان یان لە ڕێی کۆمێنتێکەوە هاوڕا دەبن و پشتی خاوەن پۆست دەگرن، یان بە لایک و ئیمۆجی دەبنە هاندەر و پاڵپشتیکاری، هەر ئەوەی زۆرجار بە زاراوە عامیەکە پێی دەڵێن "دەفع کردن" و دنەدانی زیاتری خاوەن پۆست. کێشەی هەرە گەورەی ئەم هاوسۆزە وەهمییانە ئەوەیە کە ناتوانن بێنە ناو واقیعەوە و لەوێوە بە هەمان گڕوتینی ئینتەرنێتییەوە پاڵپشت و هاوکاری بن، نەک بڵێی ئەمانە کەسانی خراپ و بێوەفا بن و هیچیان پێ نەکرێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتەوە خۆیشیان دەزانن ئەوان پشتیوانی پۆستێکی وەهمییان کردووە لە دونیایەکی پڕ لە وەهم و نمایشدا، ئەوان دەزانن خاوەنی پۆستەکەش تەنها هەر ئەوەی لێیان دەوێت کە هەڵوێستی ئینتەرنێتی بنوێنن و لەوێوە هاوسۆز و هاوڕا و پشتیوانی بن، نەک لەنێو واقیعدا. ئاخر گەر ئەو ویستبای لە واقیعدا هەڵوێستێکی جیا و ڕادیکاڵانە بنوێنێت، چاوەڕێی هەڵوێستی ئینتەرنێتی نەدەکرد. بە مانایەکی تر جۆرە لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنێکی ڕانەگەیەنراو لەنێوان خاوەن پۆستەکە و پشت و پەنا وەهمییەکانیدا هەیە و هەردوولا تەبا و کۆکن لەوەدا کە تەنها لە دونیای مەجازیدا بێن بە هانای یەکەوە. هەرچەندە جاروبار جۆرێک لە بەدحاڵیبوون دروست دەبێت و خاوەنی پۆستەکە دەست دەکات بە گلەیی، کە گوایە هەمووان لە پشتی شاشەوە هاوهەڵوێستین و کەس لە واقیعدا دەرناکەوێت

و بە تەنیا جێی دەهێڵن. ئەمە لە حاڵەتی خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایەتییەکاندا زۆر بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت، کاتێک یەکێک پۆستێک دەکات و داوای خۆپیشاندان دەکات، هەمووان دەکەونە پشتیوانی لێکردنی، تا دەگات بەوەی کات و شوێن دیاری دەکەن و بە سەدان کەس بەڵێن دەدەن ئامادە بن، کەچی کاتێک خۆپیشاندانەکە دەست پێ دەکا و دەڕۆنە جێگاکە تووشی شۆک دەبن کە دەبینن چەند کەسێکی کەم هاتوون و زۆرینەی ئەوانەی بەڵێنی ئامادەبوونیان دابوو، نە دەنگێکیان هەیە و نە ڕەنگ!

## ئیمۆجی؛ لایک و کۆمێنت و شێر

ئیمۆجی وێنەدانەوەی هەستەکانە لە دونیای ئینتەرنێتیدا، مرۆڤ چۆن هەست دەکات و شێوەی چی بەسەر دێت لە کاتی کاردانەوەدا، هەمووی لەوێدا جێی بۆ کراوەتەوە و زیاتر لەوەی کە هەیە هەقی دراوەتێ. ئەم هەقپێدانە زیادەیە هێندەی دی دۆخەکەی گۆڕیوە بۆ دۆخێکی سەرلێشێوێنەر و لەگەڵیشیدا هەڵوێستێکی فریودەرانە. ئاخر ئەم زێدەڕەویکردنە لە وێناکردن وا دەکات کە هەم ئەوەی ئیمۆجییەکە دادەنێت بڕوای بەوە نەبێت کە ئەمە هەستە ڕاستەقینەکەی ئەوە، هەمیش ئەوەی ئیمۆجییەکە دەبینێت سەری سوڕبمێنێت لەوەی چۆن بەرانبەرەکەی بەو ڕادەیە کاریگەر بووە پێی! بۆ نموونە: کاتێک هەواڵێکی ناخۆش پۆست دەکرێت ئیمۆجی دەبێتە نوێنەری ئێمە بۆ دەربڕینی هەڵوێستەکانمان، نەریتە دیجیتاڵییەکە پێمان دەڵێت ئیمۆجیی گریان دابنێین، چونکە تەبایە لەگەڵ پێوەرە گشتییەکانی ئەخلاق و هەڵوێستی شیاوی ئێمەدا دەرهەق بە ڕووداوە ناخۆش و

غەمگینەکان. لێرەدا ئیمۆجی جگە لەوەی نوێنەری هەڵوێستی غەمگینانەی ئێمەیە، دەبێتە نوێنەری ئەخلاقییانەی ئێمەش، چونکە ئەوە ئیمۆجییەکەیە ئاستی ئەخلاق و سۆزی مرۆییمان دەخاتە ڕوو بۆ ئەوانی دی. خۆ ئەگەر لە دۆخێکی غەمگینانەدا دەست بەر ئیمۆجیی پێکەنین بکەوێت، ئەوا تۆ دەکەویتە بەر تانە و پەلاماری ئەوانی دی و وەک کەسێکی بێ هەست و سۆز و نابەرپرسیار سەیر دەکرێیت. ئیمۆجی بەتەنها لە هەردوو دۆخی پرسە و ئاهەنگێڕاندا ڕۆڵ نابینێت، بەڵکوو لە تەواوی دۆخە جیاوازەکانی دیکەشدا دەبێتە نوێنەری ئێمە. بۆ نموونە لە دۆخی خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕێکدا، ئیمۆجی دەبێتە زمانێک بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و زیزبوون و ئاشتبوونەوە و نیگەرانی و دڵشکانەکان، تەنانەت جێگرەوەی ماچ و باوەش پێداکردنەکانیش. لە هەمبەر وتەی سەرکردەیەکدا ئیمۆجی دەتوانێت نوێنەری ئێمە بێت بۆ دەربڕینی هەڵوێستەکانمان؛ تۆ دەتوانیت تەنها بە ئیمۆجییەک پاڵپشتی وتەکەی بکەیت یان گاڵتەت پێی بێت و سووکایەتی پێ بکەیت! ئیمۆجی زمانێکی دیجیتاڵییە و تەواوی کایەکانی ژیانی مەجازی لەخۆیدا کۆ کردووەتەوە.

لایک و کۆمێنت و شێر، سێینەیەکی دیکەی هەڵوێستی ئینتەرنێتین، هەرچەندە ئەم سێینەیە ڕۆڵیان لە ئیمۆجی جیاوازترە و لە بنەمادا وەک یەک بەشی وابەستە سەیر دەکرێن، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر جودان لە یەکتری و هەریەکە و وەزیفەیەکی سەربەخۆی خۆیان هەیە، کە ڕادە و شێوازی هەڵوێست وەرگرتنەکان ڕوون دەکەنەوە .لایککردن سادەترین جۆری هەڵوێستە، ئەوەیە کە تەنها لە ئاستێکی سەرەتاییدا هاوهەڵوێستی دەردەبڕیت، بەڵام بە کەمێک ناجدییەتەوە و ناتەوێت زۆری لەسەر بڕۆیت.

لایکێک دەتوانێت ئەوە دەربخات کە تۆ پشـــتیوانی پۆســـتێکیت، بەڵام ئەم پشـتیوانییە زۆر سـادەیە و هیچ بەڵگەیەکی ڕوونی لەسـەر نییە و سـەر بە خاکێکی ڕووتەنە. بە پێچەوانەی کۆمێنتەوە کە خستنەڕووی بەڵگەیە لەسەر شێوازی هەڵوێست وەرگرتنەکەت. هەڵوێستی ئەلیکترۆنی لە کۆمێنتدا دەگاتە لووتکە، چونکە بەوپەڕی ڕاشـــکاوییەوە خۆت یەکلا دەکەیتەوە و بۆچوونەکەت بەدیار دەخەیت لەسەر پرسێک، جا چ بە لایەنگری بێت یان بە دژایەتی یانیش بە ڕاگرتنی هاوســـەنگی. لە دوای هەڵوێســـتی یەکەمی ئینتەرنێتی کە پۆســـتکردنە، کۆمێنت بە پلەی دووەم دێت لە ئاســـتی کاریگەرییدا. کۆمێنت پوختەکردنە؛ گەنگەشـە و ڕادەربڕینە؛ دەشـێت کۆمێنت زۆر بە ئاگاییەوە بنوسـرێت و ببێتە بگۆڕی هەڵوێسـتە بنەڕەتییەکەش، کە کرۆکی پۆسـتەکەیە. بڕێک جاریش کۆمێنت دەشـێت جنێو و قسـەفڕێدان و توانجێکی هەرزەییانە بێت و هیچ مەرامێک نەپێکێت. دەکرێت کۆمێنت خۆی ببێتە پۆسـتێک لەناو پۆسـتێکی تردا، واتا هەڵوێسـت لەناو هەڵوێسـت بەڵام بڕێک بە سـەربەخۆییەوە، ئەمەش کاتێک دەبێت کە خودان کۆمێنت قسـەی دڵی کەسـانی دیکە بکات، ئەوکات لایککردنەکان دەبنە هاوهەڵوێسـتی بۆی و دەچنە بەرەیەکی دژەوە لەگەڵ هەڵوێســـتە بنەڕەتییەکە. کۆمێنت لەباریدایە ڕای گشتی دروست بکات، هەڵبەت بە پلەی یەک لەنێو ئەو دونیا مەجازییەدا. لە دوای لایک و کۆمێنت، شێرکردن بەشە گرنگەکەی هەڵوێستی ئینتەرنێتییە، نەک لە ڕووی نەیـارییەوە؛ بەڵکوو لە ڕووی هـاوهەڵوێســـتی و تەبـایی تەواوەتییەوە. زۆربەی جار کەسێک کە پۆستێک شێر دەکات، خۆی دەبێتە بەشـــێک لەو پۆســـتە و وەک هەڵوێســـتی ئەو دەرهەق بەو پۆســـتە و پشـــتگیرییەک لێک دەدرێتەوە. لە چەنـد حـاڵەتێکی کەم نەبێت کە تێیـدا

ڕوونکردنەوە و ڕەتکردنەوەی لەگەڵ دادەنێت، لەگەڵ ئەوەشـــدا لە هەردوو بارەکەدا دەبێتە گوێزەرەوەی هەڵوێستی یەکەم و برەوپێدەری.

## ئەنجام

هەموو ئەمانەی ڕوو دەدەن؛ هەموو ئەو هەڵوێستانەی لە دونیای ئینتەرنێتدا بەرچاو دەکەون؛ ڕۆڵیان لە پێکهێنان و گەشـەدان بەو وەهمانەدا هەیە کە وا تێیانگەیاندوین ئێمە ئەرکی خۆمان بە جێهێناوە و کەسـانی بە هەڵوێسـتین، بێئاگا لەوەی کە ئەمانە جێگرەوەی هەڵوێسـتی ڕاسـتەقینەی ئێمەن و خودی هەڵوێستە ڕاستەقینەکە نین. ئەگەر کەسێکی نزیکت مردووە و تۆی بەڕاستی غەمگین کردووە، ئیمۆجییەکی گریان ناتوانێت جێگای گریانە ڕاســـتەقینەکە پڕ بکاتەوە، دەبێت لەوەش بەئاگا بیت بەشـی هەرە زۆری ئەوانەی ئیمۆجیی گریان و غەمگینانە دادەنێن، لە کاتی دانانیدا ڕوخسـاری ڕاسـتەقینەیان زۆر دوورە لەو وێنەدانە ئیمۆجییەوە، چونکە هەر لە پۆسـتی خوارووتردا گرتەیەکی کۆمیدی دەکەوێتە بەرچاویان و ئیمۆجیی پێکەنینی بۆ دادەنێن؛ لە خوارووتر مامۆستایەک دەبینن زلەیەکی داوە لە خوێندکارەکەی و ئیمۆجیی تووڕەیی پێوە دەنێن؛ زۆری پێناچێت شـاشـەکەیان لار دەکەنەوە و ڤیدیۆی کەسـێکی کۆمیدی لە تیکتۆک دەبینن و دیسـانەوە تێر پێدەکەنن! کە گوتمان هەڵوێسـتی ئینتەرنێتی هەڵوێسـتێکی فریودەرانەیە، لەبەر ئەم ئاڵوگۆڕە هەسـتەکییە خێرایانەی پشـتەوەی شـاشـەکەیە، تۆ کە ئیمۆجیی گریان بۆ پۆستەکەت هاتووە، وا هەست دەکەیت ئەو کەسە بەڕاستی ئێستا دانیشتووە و بۆ کۆسـتەکەی تۆ دەگری، کەچی ئەو لەنێو ئاڵوگۆڕە هەسـتەکییەکانی خۆیدا نقوم بووە و شـاشـەیەک ئاڕاسـتەی دەکات. تۆ بەئاسـانی فریوی ئەو

دەخۆیت، ئەویش بەسانایی فریوی ئەپەکان دەخوات و یاری بە هەستەکانی دەکرێت و جێگۆرکێ بە هەڵوێست و ڕاکانی دەکرێت. ئەم خۆ لەدەستدانە بەرهەمی دونیا دیجیتاڵییەکەیە، ئەم هەڵوێستە ساختەیە بەرمەبنای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام ئایا ئەمە دوا ڤێرژنی بەکارهێنانی ئەپەکانە؟ ئایا ئینسان ناتوانێت لە دونیای دیجیتاڵیدا خاوەنی هەڵوێستی ڕاستەقینەی خۆی بێت و بەڕاستی غەمگین و دڵخۆش و پشت و پەنای ڕاستەقینەی ئەوی دی بێت؟ بێگومان ئاستی هوشیاری و خودئاگاییی تاک زامنی سەرەکی هێشتنەوەیەتی بە ڕەسەنێتی لەنێو ژاوەژاوی ئەپەکاندا. تۆ دەتوانیت ئەپەکان بەکار بهێنیت و نەهێڵیت یاری بە هەڵوێست و هەست و هزرت بکەن و بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بەڵام ئەوەت لەیاد بێت بۆ بەکارهێنەری ئینتەرنێت ئەمە کارێکی وا ئاسان نییە و قورسە، بە هوشیارییەوە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تێهەڵکێشیەی نێو فەزای ڕاستەقینە و فەزای مەجازی پێویستی بە خۆگریی و زیرەکییەکی زۆرە، چێکردنی هەڵوێستی خۆت لەسەر بنەمای پێوەرە لۆژیکی و خودییەکان و بە بەرپرسیارێتییەکی تەواوەتییەوە دەرهەق بەو جیهانەی کە تێیدای و ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن و ئەو کەسانەی لە چواردەورتن، تاکە ڕێگای هێشتنەوەی هەڵوێست و هەستکردن و تێهزرینەکانتە بە ئازادی و سەربەستییەکی خۆویستانەوە، لە جیهانێکدا کە هەڵوێستەکان زیاتر ژێستێکی نمایشکارانەیان وەرگرتووە و کەمتر لەپێناوی خودی هەڵوێست خۆیدا دەردەبڕدرێن، بەڵکوو زیاتر لە خزمەتی مەرامی دی و خواستی نەگوتراوی دیکەدان. ئێمە لێرەدا نامانەوێت لە بایەخی هەڵوێستی ئینتەرنێتی کەم بکەینەوە، بەڵام گرنگیشە نەهێڵین هەڵوێستی ئینتەرنێتی ببێتە جێگرەوەی هەڵوێستە ڕاستەقینەکانمان و فریومان بدات و بمانباتە نێو دونیا

مەجازییەکەوە و هەر لەوێدا خاڵی کۆتایی دابنێت؛ گرنکە درک بەوە بکەین هەڵوێستی ئینتەرنێتی سەرباری ئەو کۆڕاییەی لە ئینتەرنێتدا دەیخولقێنێت، هێشتاش شتێکی زۆر کەمە بۆ برەودان بە جۆرێک لە هاوهەڵوێستی وەها لە دونیای واقیعیدا.